

# دەنگ هێما (1) خزەکانی پانتایی دەق

## خوێندنەوەی شیعری «بمگرن ئەگینا حەوت و حەوت دەکاتە 77»*ی رەزا عەلیپوور

**فەرزاد میرئەحمەدی**

کاتێک وەک رێبوار لەجادەی دێهاتێکدا هەنگاو هەڵدەگرین، دەسەڵاتێکی قووڵ و حەشاردراو دەبینین لەنێوان ئەوکاتەی سواری فڕۆکەیەک دەبین و لەبەرزاییەوە تەنیا بەرفراوانییەک و جادەیەکی سانا لەرۆخی روانینماندا پێک دێت. لە حاڵەتی دووهەمدا تەنیا دەبینە هاوبەشی دیمەنەکان و هەرگیز هەستی بەرکەوتنێکی قووڵمان لا درووست نابێت.

بەڵام کاتێک وەک رێبوار بەرکەوتانە (2) هەنگاو هەڵدەگرین دەڵێی فەرماندەیەکین کە بەدەنگمان سەربازەکان رووبە پێش دەبەین، شوێنە دوورەکان، دیمەنە هەست بزوێنەکان و بەرفراوانییە واتادارەکان بانگهێشت دەکەین. ئەمانە ئەزموونی والتێر بنیامین کە هاتوونەتە داڕشت، هەر لەم بوارەوە ئاماژەی نیگامان دەخەینە سەر دەق:

ئەزموون خۆی لە پاساری (3) وشەکاندا بە شێوازێکی خز نیشان دەدا، پێوەندییەکانی نێوان بنەما(4) پێکهاتەیەکی(5) چەورن، رەقەم گومانێکی کۆن ئاراستە دەکات کە رەنگە وەهایش نەبێت. لە دەسپێکی دەقەکە ڤیتگنشتاین(6) رامدەچڵەکێنێ و دەڵێ:

گوزارە بنەڕەتییەکان چین؟ ئایا 7 و 7 دەکاتە 77 یان بەنیسبەت ئارایشتی رەقەمەکان و بە گەڕانەوە بۆ بەستێنی بیرەوەریی ئازادی واتاکان دەکرێت بگوترێت دوو (7) هەم (77)ە و هەم نییە و ئەمە هەڵەی بیرو زمانە و گومان لای من دەخرێتە گەڕی راڤە.

هەرکە ناوی شیعرەکە دەخوێنمەوە بەناچار دەبێ جیاواز بڕوانمە هەر دیاردە و هەر رووداوێك کە شیعرەکەی هێناوەتە قاوغی رووداو. روانینی دابین(7) کراو، لام دەچێتە مۆزەخانە و ئاراستەی من دەخزێتە دۆخی شل بوون، رەها روانین و فڕینی ئەندیشەم لەپێش گریمانە و پێش ئەگەر و پێش ناوبژیوانی بەراورد و تێڕامان.

بۆچی بە بنیامینەوە(8) دەستم پێکرد و بە ڤیتگنشتاینەوە نووسینەکەم وەگەڕ خست؟ بۆچی دەمرێت، چونکوو دەقەکە پڕە لە بۆچییەکان، چۆنییەتییەکان و چلۆنایەتییەکان، پڕە لە شل بوون و سەیالیەت و بزۆزی کەوابوو هەر لەسەرەتاوە دوای مردنی بۆچی، دووبارە بۆچی دەبێتە سەر قوچك.

کەچی هێشتا بە شانمدا
ـ هیچا و هیچ سەیر ئەبم؛ـ
بە شانمدا ئەڵێی زەوین نیگەران دێت.

**راننده خەمێکی لە دڵدا هاشوورە:**

تا غارەتی جادە ئەبم.

بەرکەوتنی زەوین بەسەرشاندا دەرهەستێکی بەرهەست کراوە کە دەکرێت بڵێین گەمە بە چەمك و واتا هەروەها گەمە بە سیستەمی باوکی واتا لە بەراوردی بێواتاییدا نیشتە جێ ئەبێ.

بیرخستنەوەی 1_ [«سەیر ئەبم»، جێناوی «م» باس لە لادانی سینتاکسی دەکا و ئەم لادانە، لادانێکی نائاسایی و میکانیکی نییە نائاسایی نە وەك ناتازەیی، نائاسایی وەك ئەوە کە بە شێوازی گەمەکانی شاعیرانی ناشارەزا بەزمان کە بە شێوازێکی ناخوڕسك و میکانیکی دێڕی ناحەزو دوور لە وزەوپەنگاوی جوانیناسانە دەخوڵقێنن. ئەم لادانە لە خزمەت هەڵگریی واتا بێ واتاکانی دێڕە کە توانیویەتی وەك گەمەی زمانی رووبەرووبوونی بەردەنگ لە مامەڵەی جوانیناسانەی نەریتی راگوێزێتە بەرانبەر بوونێکی هەنووکەیی + ئەڵێی: ئەمە منە لەت کراوەکانە ئەمە شکاندنی منی زاڵی زلگێڕانەوەیە کە لە شیعری پێشتر بەکەڵك وەرگرتن لەم منە حەقیقەتیان راستەوخۆ، هەمیشەیی و لە دەقی ئەواندا دۆزراوە دەزانی. لێرەدایە وشەی حەقیقەت دەچێتە دۆخی ئاوێزانی].

بیرخستنەوەی 2 [هەبوونی نادیاری ئەلێترەیشێنێك کە وەك فورمە بە

یارمەتیی نیشانەکانی ڕێزمان ـ؛ ـ ئەوە لای منی بەردەنگ دەنەخشێنێ کە نیشانە ئێختیاریە و لە دەقدا بۆ پێوەندییەکانی بگەڕە!، نوماد نیشانە نییە هەروەهاش عەلامەت نییە، قەراردی نیشانە بەکیانی دەق دێتە گەڕی نڤیسان (9)].

هاوپەیڤینییەك دێتە داڕشت، قاوغی هاوپەیڤینەکە بەجۆرێکی نەرم و تفت بانگهێشتم دەکات وەك بڵێی لەزمانی هیچ بگێڕێکەوە(10) ڕووداوێك دەقە ومێ منیش بە مافی خۆمی دەزانم بڕۆمە ڕووداوەکە و بێ هیچ سێ و دوو کردنێك دەبمە بەشێك لە گوتارەکە.


منی بەردەنگ: زەوین قورسە بەشانی مندا هەرگیز نایەتە سووڕاندن.

منێکیتر: چی دەڵێی ساڵەهای ساڵە کێشەی سووڕانەوەی خۆم و زەوین و گۆی خڕی تەخت و درێژایی و پانتایی لام پرسیار ساز دەکەن.

تۆ: ئەها، ڕەنگە خەمی ڕانندە لە دڵتا درێژبێت و هاشووری سنوور و جوغرافیا و خەریتە و...

منی بەردەنگ: جادە واتە ئەزموون هەر ئەو ئەزموونەی کە لە دێهاتەکەی سەرەتا باس کرا، غارەتی جادە لەلایەن ڕانندە، زەوی لەسەرشان دەگرێت.

ئەو: من ڕانندەی هەبوونم وزەوین بەشێکە لەمن، باشە بۆ ئەم هەموو پرسیار و ڕاڤە هەن و نین؟ حەز دەکەی هەزاران من و تۆ و ئەو و ڕانندە وەرن و لەم گوفتمانە هاوبەش بن ئەم گوزارانە هەرگیز واتا هێمایەکی (11) ڕاستەوخۆ




لەبەر ناگرن، هەر پێکهاتە و دێڕێك، دەنگ هێمایەکە و منیش لە فراوانیی داب سڕینەوەی(12) زمانیدا لە نڤیسان پیاسە دەکەم.

بیرخستنەوەی3 [(:) نیشانەی گوتنی منێکی ئەنجن کراوی هیپوگرامی، واتە موکالمە (هاوپەیڤینی) لە شیعردا خۆدەنوێنێ ئەویش بەکراسی (پارول و نڤیسان) بەکارهێنانی دراوسێیەکانی زمان کە لە زماندا لەدایك بوون بەڵام لە شیعردا هەمیشە وەك عەربانەچییەکی تۆخ هەڵگری باری دراوسێ بوون و وەك خۆیان بایەخیان پێ نەدراوە].

«تۆ لە بەرگی رۆژنامەدا
ماتڵی کەسێکە و مچۆڵە کراوتر
تا دەستی پیاوی پارك
ئەی دەستی پیاوی پارك
زەوی هێشتا ئەستێرەیە و
رۆژنامە نەینووسی».

تۆ کە منە مچۆڵە دەکرێت شتوەکەیی(13) دەبێتە بەشێك لەدێڕێك لە رۆژنامەیەك. من بەشێك لە حەقیقەتێکم کە نیم و کە هەم، تەنیا کاتێك دێمە پانتایی ئەزموون کە وشەی روزنامەم لەلا دێتە ناسە(14) واتای هەم و نیم قوت دەبێتەوە کە دێمە بانگهێشت، بزرانە دەشکێمەوە وەك هیچ کە مچۆڵە کرابوو ئەبینرێم.

منی بەردەنگ: دیارە دەبێ هەواڵێك بێتە خوێندنەوە کە لە رۆژنامەیەکی دەرهەستدا هاتووەتە دارشتی نووسین.

تۆ: ئەو هەواڵە رەنگە یان بریا من بوومایە کە نیم چونکوو، یان نەنووسراوم یان مچۆڵە کراوم.

ئەو: ئەی ماتڵی چیت؟

جەوهەری چاپ یان ساغ بوونەوەی وشە شکاوەکان.

پیاوی پارك: ماتڵم رۆژنامە بخوێنمەوە.

ئەو: رووناکی لای ئەستێرەیە زەوی سەیارە نییە، دیارە مەنزوومەی خۆرەتاو لەبیر چووەتەوە کە لە رۆژنامەی کاکێشان زەوی دەنووسرێتە ئەستیرە.

منی بەردەنگ: ئەمە فڕاندنی راستییەکی وانموودە، دیارە نەزەوین زەوینە و نە ئەستێرەش ئەستێرە. بەڵام پیاوی پارك و رۆژنامە و ماتڵ بوون حاشاهەڵنگرە کە هەن و بوونیان لە بزۆزیدایە.

بیرخستنەوەی 4 [بەگەورە نووسین و لەنێوان دوو کەوان دیاریکردن وەك تەکنیك نیشاندەری هەواڵە و بەشێوەیەکی نادیار چەمکی هەواڵێکی رۆژنامەیی بەرهەست درووست دەبێت + (تا). (ئەی) بەین کەوتن نیشان ئەدات و ئەمە شکاندنی زمانی رێزمانی باوکە و وەك مامەڵەیەکی میسیانیکی بووەتە پێوەری دارشت لێرەدا هەڵدەوەشێتەوە]

بیرخستنەوەی 5 [(تا) (ئەی) بەدرێژایی دەقەکە لە چەندین کڵاو رۆژنەی جۆراوجۆرەوە ئاوەها رووبەروو بوونێك دەبینین سەمیمیەت و شکاندنی منە ئەنجن کراوە فریزووی (ریزوم) دولۆز وەیاد دەخاتەوە].

جوانیناسیی نەریتی شیعری پێشتر، وشە رازانەوە بوو بەکەڵك وەرگرتن لە رەوانبێژییە نەریتیەکانی لێکچوویی، خواستن خوازە ... رەگەزدۆزی و... کە دەیانویست شیعر درووست بکەن لەم دەقەدا بە کۆنکرێتی کردنی ئەو رەوانبێژییە لە لابیرینتەکانی زەینی داهێنەرانەی دەق دووبارە دێتە بەرهەم هێنانەوە (بازتولید) و روخساری هەنووکەیی جوانیناسانە بۆ بەردەنگی هەنووکە دەرەخسێ.

ژوورێکی چەن رەهەندی و چەندگۆشە کە هیچکام لە گۆشەو زلعەکانی ناچنە قاوغی لۆژیکێکی پێشتر ناسراو ئەم

ژووره كه به گەمەی رەنگەكانی زمان خەست بووەتەوە، بووەبە هۆكارێك بۆ قەرەباڵغیی دەرەوەی ژوور، منی تاكی دانیشتووی ئەم ژووره بێدەنگە پڕهاواره كه لە عەشقی ناسك و تفت وتورتی هەنار باڵغ دەبم و باڵای رێواس لە پەنجەرەی ئوستوورەوە شرۆڤە دەكەم و دەیكەم بە نیشانە. رەنگە ژوورەكەم واگۆنێكی دەرهەستی بێت، تاكسییەكی وەهمی یان كومیدێكی فانتزی بەڵام لەبەر حەزكردنم بەدەرچوون لەم تەنیاییە سوبژكتیوییە پەنا دەبەمە سازاندنی كڵاورۆژنەی پێوەندی كه پەنجەرەیە، تا چەكەرەی رەنگی هەنار تێ هەڵكێشمە باڵای سەوزی رێواس كه خۆمم، لەشم و نێرەكی بوون بەدرێژایی جادە. ئەو بەدەگمەن لەوبەر دونیای پەنجەرەكە هاتووەتە ئافرێنراویی ئاقیبەت؟ پرسیاری ئاقیبەت؟ قوت بوونەوەی پرسیاری ئاقیبەت بەرئەنجامی ئەم سەفەره بێ موسافیرەی ئەم واگونە و پەنجەرە دەرهەستییەی لێواری زەوینە.

دەقەكە بیرم دەخاتەوە و دەڵێ ئاگات لەخۆت بێت كا بەردەنگ! تۆ شیعر دەخوێنیتەوە لە شیعریشدا نەخنكێی

حەقیقەت: لە خاڵی كۆتایی ئەم شیعرا

بە خۆت و چی میوە و چی دەنگە...

كه نیگای قەرەجێك بە حەرفی مێخناكی

ناو لەپما داكوترا و پێم دەڵێ:

لە خاڵی كۆتایی ئەم شیعرا

نوقم ئەبم...

دیارە نوقم بوون وەك نەگەیشتن وایە و رەنگە لە گەیشتنێكی لێڵ و پێڵ بێت. سەیالییەتێكە لە نووتەك ئەچێ؟!

بیرخستنەوە [: (و) لە لەتێكم جادەیە و رازی موسافیرانی.../ «و» دژە جێگایە واتە لە جێگای باوی خۆیدا نەگیرساوەتەوە واتە پێوەندیی دەوری رواڵەتی نییە لێرەدایە كه «و» بە تەنیا باری شیعرییەتی شیعر دەنرخێنێ و كات بە فەزا و فەزا بە جێگا و جێگا بەكات دەگۆڕێ دوو دێڕ كه لە رواڵەتدا بە «و»وە نالكێن رۆخی(15) لكاندنی پەڕرووبەرانە دەنەخشێنێ].

لەتێكم جادەیە و

رازی مسافرانی دواسەفەر

كەسێك ئەمبا تا ئاقیبەت؟

:پێ ـ كانم لە خاڵی كۆتایی ئەم شیعرا

لە خاڵی كۆتایی ئەم شیعرا نوقم ئەبم

كه نیگای قەرەجێك

بە حەرفی مێخناكی ناو لەپما

دەبڕیێت:؛

تا ئەبەد لە خۆتا ماتڵ بە...

ـ خۆرنشین بە خوێنمدا دەتلێتەوە

میوەفرۆش

چەن هەنارێك

نیگەرانە.

منی بەردەنگ: نیگای قەرەجێك بە مێخێكی بۆن مێخەكی دەبڕدرێت لەناو لەپی مندا، بڕینی نیگا تازەیە، چۆن تازەیە یانێ چی؟ دەزووی نیگا واتە

هێڵی روانین، حەرف وەك بزمار ئەودەزووی روانینە دەبڕێت.

ئەو: من کە دەبڕم ئەو هێڵەی موسافیرەکان نوقمانە دەبڕم من بڕینی خەیاڵ نیم من بڕینی ئەمپرسیونیستی لەختەکانی هەبوونم.

منیتر: کابرام لە پارك ماتڵ کردبوو بۆ خوێندنەوەی رۆژنامە کە تۆ تیایدا مچۆڵە کرابوویت. منی بەردەنگ: تۆ دەتهەوێت بە بیرۆکەیەکی بنەمایی(16) پێوەندیی نێوان دێڕەکانم بۆ روون بکەیتەوە.

بەردەنگی داهێنەر: وانییە، چونکوو ئەزموونی کۆلاژ کردن لە راستییەکانی ئێستا، ئەوسا و داهاتوو پێك دێت. نوقم و لێڵ و هێڵ و بڕین و حەرف و مێخناك بەشێکن لە شپرزەیی بەرزەخی هەبوونی من لە نڤیساندا، کەوابوو بۆ منی بەردەنگ ئەوە دەرەخسێ شرۆڤەیەکی رەها بکەم، شرۆڤەیەك بەنیسبەت خۆم بۆ دیاردەکانی دەق. وەك دیاردەی سەربەخۆ، یان وەك هەڵوەشاندنەوەی هەڵکراندنی واتای باو و باوك لە دیاردەگەل، چەن سات، چەن رۆژ و چەن شەو (چەن هەنار) جێگۆڕینی چەن لە سینتاکسی باوی وشەی تابلۆی شیعری باوکدا بە شێوازێکی جیاواز نیشتەجێ بووە چەن لە نادیاردا دیارە ئەم چەنە بۆن و بەرامی فەلسەفە و دونیا پەڕەکان ئەدات. شیعرێتیی چەن هەنار تەنیا خەیاڵاندن نییە، سەرەڕەت(17)، تێڕامان و سیخورمەیەکە بە بیردۆزیی باو، ئایا هەناری نیگەران لە واگۆنە، تاکسی یان پێش مێژوو، هەناری خڕی زەوین رەنگی بۆنی سوور، جادە پەسند کە توانای سەرەوخوار نووسین و سەروژوور روانینی بە بالای کەسکی ریۆاسدا هەیە؟! هەنار بۆنی جووتی شیری سپیانە و چڕینی گۆرانییەکی پڕئابڕۆنی و مەزاندن ئەدات، هەنار لە هاشوورەکانی شاری بەرهەست دەبێتە قوربانیی ئەندیشەیەکی فراو، هەنار دەگەڵ مەرگ و شەهید و سەیزادە و ئەستیرە و زرێبار بۆنی ئارکائیسمێکی ئینتزاعی لە ناوەخنی دەق بە بیرەوریی شوانێکی بێ شمشاڵی کەسەکانی خانی، هیمن و مەولانایە.

چی تامی تۆی ماوە؟ هیچ
ئەگەر شتێك هەنارە
ئەگەر شتێك پرتەقاڵە
سەد دەرسەد خۆشتری!
دایکیشمان: درەخت و باران و تا سەدی کتێبت لە بەر بێت!
: حەییاحەی!!
یەك؛ چەنێ سەختە
دوو؛ چەنێ دژوار
بگەمە 100 هیچ نابێتو
دەگەمە سەد!
ئێستا کە هەر تەنیا کچێکم لە بەرە؛
بیستی بیست! :

ئەگەر نیشانەیە بۆ شك وەڵامی: هیچ.

منی بەردەنگ: تام چیە؟ ئایا ئەوەیە کە هەموومان دەیناسین. ناسینی تامی پرتەقاڵ و تامی هەنار و بیچمی

هەردووكیان ژنانەیی دەخاتەیاد، بۆنی سینگی ئافرەت ئەدا هەناری ئوستورە و پرتەقاڵی پاساژ، پاساژەكەی بنیامین و ئوستوورەكانی ئشتراوس ئایا؟ ئوستورە؟ هاتووەتە میوانی ژوورەكەی پەنجەرەكەی منی موسافیر؟! سەد دەرسە = رەقمێكی دوورە لە ئیشتباه و هەڵە. لودویك ڤیتگنشتاین دەڵێ: من دەڵێم كاتێ بلێی ئەزانم سەد دەرسەد بۆنی گومان و شك دەبیستم بەڵام كە «ئەزانم» مرد «گومانیش» مرد. والتێر بنیامین دەڵێتەوە: دیارە ئەزموونی پرتەقاڵ و زرد و تەڕ وازانینی هەنار و هەبوونی وانوێنراوین راستییە لە پورترەی شك یان دەبنە پۆرترە بۆ ئەو كە دەڵێی: «حەبیاحەی» ئەمە پارۆڵە، یان زمانە زەینی، وابزانم هوسرل بوو گوتی: یەك وەك یەك دەبینم دوو وەك دوو، یەك منم كە نێرەكی دەڕوانمە دوو،100 ئایدیالی منی یەكە و دەگەمە وا نییە ئەمە گەمە كردنە بە لێكئالان و ئانالیزی منی وانموود. یا قاوەچی یا عەرەبانەچی یا بەردەنگی سانا. عەربانەچی، دراوسێ، قاوەچی، دەڵێی: من پرتەقاڵ ناناسم بەڵام دەزانم شتێكە وەك لیمۆ، لیمۆیش تازەیە بەڵام لە هەنار ئەچێ، هەناریش بۆنی هەورامان، شاخ، بەرزایی زەوین، سەخت، هەورامانیش كوڕەزای ئوستورەس.

بیرخستنەوە [هێنانە گەڕی حەبیاحەی كە تازەگەری لەبواری ناس سڕینەوەی پێكهاتەی شیعری، چاو هەڵهێنانی وشەگەلی نزیك، رۆژانە و سانا و هەمیشەگیە ئەم وشەگەلە لە دەوروپشتمانن بەڵام لەتاو بڤە نەكردنی وشە بەشكۆو كەسایەتیدار و باوك دارەكانی پێشتر زاتمان نەبوو روخسەتی هەبوونی لە ناوەخنی شیعر پێی بدەین، «حەبیاحەی» وزۆرێك لە وشەگەلی دەقەكە خاوەن وزەی ناوەكی و دەرەكین بۆ راچڵەكاندنی بەردەنگی خووگرتوو بە شیعر كردن تا شیعر جیا لەو بیستنە پارۆلی پێوەنددارە تورتە، تێڕامانێكی ئاوایی خوێندنەوەیشی بۆ برەخسێنین هەروەها دەرچوونی زیتەڵانەی دەق لە 1-2 و 100 كە لە نەزمێكی نا خۆڕسك هاتوون]

نیشانەكانی هەنار و پرتقاڵ دەبێتە گەلاوێژ؟ لە ئەستیرەی زەویدا كە نییە گەلاوێژ كە دراوسێمانە و خەونی زەوینی لا گرینگە، زەوی كە خەوت بووبە سەیارە لە ئەمێستاكەی دەق دانرەوی ئەستێرەیە .... من لە زوحەل یان كەیوانم كە وابوو هاوئەستێرەم، مردنی سەیزادە و گەلاوێژ و گەرما و هاوین دەخاتە یاد.

«دێت
پەنجەرەكان وەكوو مردن پێوە ئەدا
وەكوو مردن شەوە.
گەلاوێژ
لە ناخما ئەستێرە دەكەوێ
گەلاوێژ
كچێكە و ماڵیشیان
لە سەر خەمی زەوینایە.
من پێی ئەڵێم: هاو ئەستێرە
ـ ئاخر زەوی ئەستێرەیە!ـ

بیرخستنەوە «لەگەڵ مردووی هەموو لایەك» مۆتیڤێکە لە قەوارەی شیعر وەك خاڵ و وەك وەبیرخستنەوە وەك بەردەوامیی رووداوەکان وەك هیچ نوقم بوون لە ئاقیبەتدا، لێواری جیهان و عاشق بوون وجووت بوون وەك دوو هەتاو هەموو لە مەرگدا کە خێرا پووچەڵ دەبنەوە، دیارە سەرەتای دیالیکتیکێکە کە هەرگیز نابێتە ئەو دیالیکتیکە لوژیکە باوکە کە ئێمە دەمانناسی، دەق هیچکات نایهەوێت، بمانگرسێنێتە چەمکێکی تۆخ _ وەستاو و سەرڕاست، ئەمانبات و دەمانهێنێتەوە، ئەم بزۆزیە نیشانەی هەنووکە بوونێکی بەرزەخی گوفتمانەکەیە. کاتێك گەمەی زمانی بە وشەی نوقم دەبینین ئاشکرا دەبێت کە جێی گۆڕینەکانی وشە چەندین لایەنی تازە لە قەوارەی خوێندنەوەمان لە کەش و فەزایەکی دیتری بۆ فەراهەم دەکات.

نوقم بوونی لەسەرزەوی، بێ موسافیری، ئاقیبەت، هەروەها هاشوور و رانندە و زرێبار و خیابان و... کە دەوریان لە دێڕدا و بە گۆڕینیان لایەنەکانیتر بۆ ئێمەی بەردەنگی چاخی کونکرێتی بوون و لە هەمان حاڵدا سەیال بوون پێك دەهێنێ.

شەو هەتا دەگاتە نوقمی من

تەمرینی تۆ دەکەم

ئێستا کە ئەفسووسم سەرانسەر.

رانندە تێکەڵی پەپوولەو

هاشووری کاکەشان...

پیاو ئەڵێ درێژایی بمکوژێ

نەك رێکی ئەگەر و موکەعەب.

ـ کە جادە نەمێنێ

زەوی لە ناو باخی دنیا

بە ناچار هەنارێك مێهرەبان

پێی ئەڵێن سەرگەردان.

درێژایی پیاو هەمان نێرەکی بوونی و رێواس و مامەڵەی هەنارە هەر وشەیەك لە جێگای خۆیدا پێکهاتەیەکی دیتر دەخولقێنێ و توخمگەلێکی نێوان دەقی بۆ رۆچوون و هەڵچوون دەسازێنێ و دیارە هەر ئەو ئەزموونگەرییە بە سیداقەتە هۆکاری ئەم مامەڵە بێت یان لە پاساری ئەم ئەزموون گەرییە ناسینی زمان و موعادڵەی گەمە کردنی بۆ ئافراندنی رواڵەتێکی جوانیناسانەی نوێ لەبەرچاو بگیرێت، هەرچەن کە ئەم دارشتانە هیچکات خۆ لە جەغزێکی دابینکراودا ناسەناکەن و هەرگیز ناهێڵن کە بەردەنگ بەراورد و مامەڵەیەکی موعەین و دابینکراو لەگەڵ کۆی دیاردە رواڵەتی ودەرهەست و بەرهەستەکانی دەقدا بکات.

بەردەنگی تازە: هەنار و زەوین و سەرگەدانی و ئاوێزانی و موکەعەب و دیکارت و نیۆتۆن ... ئەمانە چین لە کاکێشاندا کە جیا لە زەوین، کەیوان و مانگ و خۆرەتاویشن دیارە تۆیش دەبیتە جۆرێك سەیارە یان ئەستیرە لە مغناتیسی هەبووندا، دەبێتە تابلۆیەکی نیشان دراو.

منی بەردەنگ: 100 و یەك و موکەعەب چی؟ ئەمانە پێوەندیگەلی زەینی تۆن تۆ!! هەبوونت هۆکاری

دەربڕینی ئاوەها روانینێکە تۆ پێش لە قەزاوەتەکەت هەیت و پێش لە خوێندنەوەی تۆ دەق نووسراوە بەڵام لای تۆ ئەو کاتە نووسراوە کە لات هاتۆتە خوێندن و لە هەنووکەی خوێندنەوەتدا دێیتە پانتایی کێشمەکێش و بەراورد و سەیالییەت.

پیاو دێتە شەڕ دەگەڵ ئامرازی نێرەکیی خۆی، واتە درێژی کە بۆنی جادە ئەدا، زرێبار جینسە، زەوی رۆخی کۆچاندن، رۆژنامەش ئامێر، کەوابوو جینس دەکوژرێت و نانووسرێت دیارە لە ئاوی جینسدأ بۆنی هەناری عەشق ئەکەن ...

لە بیرت بێ کەمێك لەخۆتا بخەوە
دوو سێ هەنگاویش رێگایە
من هەر ئاوەها دانیشتبووم
خیابان بۆ خۆی ئەڕوات و دێتەوە
سەفەر سڵامەت
ئەم شیعرەش ماویەتی!

...خوێندنەوەی ئەم شیعرە تا نوقم بوون بەردەوامە و منی بەردەنگی رەخنەگریش...

*شایاني باسە ئەم شیعرە لە فیستیڤاڵي شەشەمي گەلاوێژدا خەڵاتي یەکەمي وەرگرتووە.

1_ دەنگ هێما = دال
2_ بەرکەوت = ملموس
3_ پاسار= لێواری سەربانان
4_ بنەما= ساختار
5_ پێکهاتە= ترکیب
6_ ڤیتگنشتاین= فەیلەسووف و زماناسێکی ئوروپی
7_ بنیامین= لە دەسپێکەرانی قوتابخانەی فرانکفورت
8_ زلگێڕانەوە = کەلان رەوایەت
9_ نقیسان= نوشتار
10- بگێڕێیکەوە= راوی بە توسط یك راوی
11_ واتا هێما= مدلول
12_ داب سڕینەوە= عادت زدایی
13_ شت وەکەیی= شئی وارەگی
14_ ناسە= شوناس
15_ رۆخ= بستر
16_ بنەمایی= ساختاری
17_ سەرەرەت= مکس
18_ دابینکراو= متعین (حەوت)7